# حکومەتەکەی (بلە فگور)*

ئیدریس حاجی سەعید/کەرکوك
edres7ajesa3ed@yahoo.com

بۆ سێ ساڵ دەچێت رژێمی سەدام نەماوە، گەل ئازاد بوە، ئاستی ژیانی هاولاتیان تا بێت روو لە نزمی و خرابتربونە، نرخەکان لە بەرزبونەوەدان، تەنها نرخی مرۆڤ نەبێت، خەڵکی بەرەو هەژاری هەنگاویان پێدەنێن، بەرپرس و لێپرسراوەکانیش لە هەڵکشانی سەروەت و سامانەکانیاندان، قات و قڕی و نەبونیە، سوتەمەنی بە هەموو شێوەکانیەوە نیە، یان بە چینەکانی خوارەوە ناکڕدرێت و دەستەبەر نابێت.. کارەبا وەکو پێویست و لە ئاستی رەزامەندی خەڵکیدا نییە، ئاو بە هەمان شێوە.. بازاڕەکان بەدەست چەند کەسێکەوە قۆرخکراوە و بە ئارەزوی خۆیان یاری بە نرخەکان دەکەن.. ئەمنیەتی مرۆڤەکان هەر باس ناکرێت .. ژینگە وێرانە و لە پیستر بوندایە.. کشتوکاڵ و بەرهەمە ناوخۆییەکان روو لە کزین و داهاتیان کەمبۆتەوە. کارکردن جگە لە چەك هەڵگرتن و بونە پۆلیس و حەرەس وەتەنی و پ.م هەر نییە.. رادەی بێکاری روو لە زیادبوونە و بیمەی بێکاری نیە، مەگەر تەنها ئەحباب و خزمی مەسئولین لە شێوەی تەرك لە ماڵی خۆیانبن و مەعاشیان پێبدرێت، یاسا نیە..

حیمایەیەك بە دەفتەر دۆلار مامەڵە بکات و خانو و زەوی و و ماشینی دوا مودێلی هەبێت، ئەی دەبێت لێپرسراوەکەی چی پێکەوە نابێت..؟ بەرپرسێك چاوی لە زەوی تەجاوز بێت و خانوەکەی ناپاسایی بێت، ئەی قور بەسەر خەڵکی هەژار چیبکات و چۆن ئیدارەی میللەت ئەدەن..؟ لەم سەدەی پێشکەوتن و گەشەی تەکنەلوژیا و کرانەوە و مودێرنەدا لەم کەرکوکەی هەموو فرمێسکی تیمساحاوی بۆ دەرێژن و گوایە لەسەر دەریایەك نەوت لێی راکشاوە، خەڵکە هەژارەکەی ویڵن بەدوای تەنەکەیەك نەوت، بوتڵێك غاز، لترێك بەنزین.. لەم شارەی کە هەر رۆژێك کانیەکی نەوتی تێدا هەڵدەقوڵێ، ماڵە ئاوارەکانی پەنجا عەلی بە زۆپای دار ماڵەکانیان گەرم دەکەن..

یادی بەخێر(بلە فگوری) کەرکوك، لەسەردەمی رژێمی بەعسدا هاواری دەکرد: نەوت نیە، کارەبا نیە، ئاو نیە. دواتریش بە هێواشی دەیگوت: کوڕینە بەخوا حوکمەتی وابێت منیش دەتوانم بیکەم..

جا حکومەتێك پاش سێ ساڵ ئەمە حاڵی دانیشتوان و شارەکەی بێت، دەبێت چۆن چاوەڕوانی ئایندەیەکی باشی لێبکرێت.

*عارفخۆرێکی شاری کەرکوك بوو.. لە چیرۆکێکی (حەمەسەعید زەنگەنە) وەرگیراوە.